Research Center

# وردەکارییەکانی بودجەیەکی مێژوویی لە عێراق؛ مەترسییەکان و دابەشبوونی بەپێی کەرتە جیاوازەکان

10-04-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** دارشتنی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق بۆ سێ ساڵ چەند مەترسی و دەرفەتێکی جیاوازی تێدایە. لەسەرووی هەموویانەوە مەترسیی جێگیریی نرخی نەوت و هەناردەکردنی نەوتە بۆ دەرەوە. بۆ نموونە 1 دۆلار جیاوازی لەو نرخەی لە بودجەدا دانراوە 1.3 ملیار دۆلار یاخود 1.6 تریلۆن دینار جیاوازی دەخاتە ئەو پارەیەی لە نەوتەوە دێت. لە پرۆژە یاسای بودجەکەشدا 87.14%ی داهات لە نەوتەوە دیاریکراوە، بەڵام بەپێی خەرجییەکانی 2022، رێژەی 95% ئەو پارەیەی کە خەرجکراوە لە نەوتەوە هاتووە.

# بەرایی

رۆژی 5ی نیسانی 2023 پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە بودجەی 2023 و دوو ساڵی داهاتوو کرد و چاوەڕواندەکرێت خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و دواتریش رەوانەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێت. ئەم پرۆژە یاسایە لەڕووی ژمارەکانییەوە لەڕووی ژمارەکانییەوە بە مێژوویی ناودەبرێت، نەوەکو تەرخانکردن و دابینکردنی بۆ پێداویستییەکانی عێراق لە ئەمڕۆ و داهاتوودا. پرۆژەکە لە 67 مادده پێکهاتووە کە چۆنیەتی مامەڵەکردن و خەرجییەکانی عێراقی بۆ ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوو خستووەتەڕوو.

دارشتنی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق بۆ سێ ساڵ چەند مەترسی و دەرفەتێکی جیاوازی تێدایە. لەسەرووی هەموویانەوە مەترسیی جێگیریی نرخی نەوت و هەناردەکردنی نەوتە بۆ دەرەوە. بۆ نموونە 1 دۆلار جیاوازی لەو نرخەی لە بودجەدا دانراوە 1.3 ملیار دۆلار یاخود 1.6 تریلۆن دینار جیاوازی دەخاتە ئەو پارەیەی لە نەوتەوە دێت. لە پرۆژە یاسای بودجەکەشدا 87.14%ی داهات لە نەوتەوە دیاریکراوە، بەڵام بەپێی خەرجییەکانی 2022، رێژەی 95% ئەو پارەیەی کە خەرجکراوە لە نەوتەوە هاتووە.

هەروەها، بەپێی [ڕێنمایی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF] لەبارەی ئامادەکردنی بودجەوە ئاماژە بەوەکراوە کەوا بودجە بۆ یەک ساڵ ئامادە دەکرێت، خەرجی و داهاتی یەک ساڵ لەخۆ دەگرێت و بۆ یەک ساڵیش دەنگی لەسەر دەدرێت و جێبەجێدەکرێت. بۆ نموونەش زۆربەی وڵاتانی نیو رێکخراوی هاریکاری ئابووری و گەشەپێدان OECD کە گەورە ئابوورییەکانی وەک ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا لەخۆ دەگرێت بودجەکەیان بۆ یەک ساڵ ئامادە دەکەن. شانشینی سعودیە کە نزیکترین وڵاتە لە عێراق لەڕووی بەرهەمهێنانی نەوت و داهاتەکەیەوە، بودجەکەی بۆ یەک ساڵە، بەڵام لە فرەچەشنی داهات و خەرجییەکاندا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان سعودیە و عێراقدا هەیە.

دابەشبوونی خەرجییەکان چ خەرجی بەکاربردن یاخود خەرجی وەبەرهێنان لە پرۆژەیاسای بودجەی 2023دا وێنایەکی دیکە بەم پرۆژەیە لەبارەی عێراقەوە دەبەخشێت، بۆ نموونە  کۆی کارمەندانی حکومی 4 ملیۆن و 96 هەزار و 1 کارمەند دانراوە، کە 1 ملیۆن و 503 هەزار و 339 کارمەندیان لە سێکتەری ئەمنی کار دەکەن، واتە سێکتەری ئەمنی لە عێراق رێژەی 36.7% کۆی کارمەندان پێکدەهێنێت. هەروەها، کۆی مووچەخورانی عێراق لە پرۆژە بودجەکەوە 92.56 تریلۆن دینارە، کە ئەمەش دەکاتە 79%ی ئەو داهاتەی لە نەوتەوە دێت!

لێرەدا، هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی نیو پرۆژە بودجەی 2023ی عێراق، کە ئێستا لە لیژنەی تایبەتمەندە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ خوێندنەوەی دووەم و پەسەندکردنی لە پەرلەمان بکرێت.

## ژمارەکانی نێو بودجەی 2023ی عێراق و  دابەشبوون بەپێی سێکتەرەکان

داهاتی خەمڵێنراوی عێراق بۆ 2023 لەسەرووی 134.55 تریلیۆن دینارە، بەڵام خەرجییەکانی 199 تریلیۆن دیناری تێپەڕاندووە، کە بەتەنیا بودجەی تەرخانکراوی (بەکارخستن، بەرنامەی تایبەت و قەرزەکان) 149.55 تریلیۆن دینارە، هەروەها، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە خەرجییەکانی سەرمایەگوزاری 49.46 تریلۆن دینارە (سەرمایەگوزاری بەردەست، وەبرهێنانی نیوخۆیی و وەبەرهێنان لەڕێگەی قەرزەوە) ، کە نزیکەی 9.9 تریلۆن دیناری ئەو خەرجی وەبەرهێنانە لەرێگەی قەرزی نیوخۆیی و دەرەکییەوە دانراوە.

هەروەها، کورتهێنانی بودجەی گشتی 64.4 تریلۆن دینارە، بەڵام لەوانەیە ئەم کورتهێنانە روونەدات و ئەگەر هەشبێت بڕەکەی زۆر کەمتر بێت، چونکە لە دوانزە مانگەکەی ساڵ، نزیکەی سێ مانگ و نیو تێپەڕیووە، هێشتا بودجەکەش پەسەند نەکراوە! هەروەها، زۆربەی کورتهێنان لە خەرجی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان، کە قەرزی دەرەکی بۆ دەکرێت بۆ پڕ کردنەوەی، بەوپێیەش ناتوانرێت لە 8 مانگی داهاتوودا پلانی پرۆژەکان، تەندەرین و خەرجییەکانیان بۆ بکرێت، هەرچەندە 20%ی بۆ پرۆژەی نوێ لە بودجەی 2023دا دانراوە.

دابەشبوونی سێکتەرەکان لە پرۆژە بودجەی 2023دا بەشێوەیەکە کە سێکتەرەکانی (پیشەسازی، کشتووکاڵ، گواستنەوە و پەیوەندییەکان و بیناسازی) بەهەموویانەوە، 14.4% بودجەکە پێکدەهێنن، بەڵام پرۆژەی تەرخانکراو بۆ دامەزراوە ئەمنییەکان و بەرگری 15%ی بودجەکە پێکدەهێنن، بڕوانە خشتەی 1 لەبارەی دابەشبوونی رێژە و بڕی پارەی دانراو لە بودجەی 2023ی عێراق بۆ کەرتە جیاوازەکان.

خشتەی 1: دابەشبوونی خەرجییەکان بەرێژە و بڕی پارە بەگوێرەی کەرتە جیاوازەکان

| جۆر | ڕێژە % | بڕی پارە (تریلۆن دینار) |
|---|---|---|
| وزە (کارەبا و حەقدەستی کۆمپانیا نەوتییەکان) | 21% | 41.26 |
| خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی*[1] | 16% | 31.64 |
| وەزارەت و دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان | 15% | 29.08 |
| پشکی پارێزگاکان و هەرێمەکان (هەرێمی کوردستان) | 12% | 23.73 |
| قەرزی نیوخۆیی و دەرەکی | 10.2% | 20.46 |
| کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵ | 7.6% | 15.11 |
| کەرتی تەندرووستی | 5% | 9.7 |
| کەرتی بیناسازی و نیشتەجێبوون | 2.6% | 5.27 |
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | 1.7% | 3.54 |
| کەرتی کشتووکاڵ | 1.6% | 3.3 |
| کەرتی پیشەسازی | 0.9% | 1.84 |
| کۆی وەزارەتەکانی دیکە (سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان، دەرەوە، دارایی، داد، گەنجان و وەرزش، کۆچ و کۆچبەران، کار و رۆشنبیری) | 6.4% | 10.83 |

سەرچاوە: پرۆژەیاسای 2023ی عێراق

لەڕووی دابینکردنی بودجە بۆ سێکتەرە جیاوازەکان، وزە و کەرتی ئەمنی و سەربازی لەگەڵ مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی و مووچەی شەهیدان * ڕێژەی 52% یان نیوەی بودجەکە پێکدەهێنن، لەکاتێکدا کەرتە گرنگەکانی وەک کشتووکاڵ و پیشەسازی و گواستنەوە و گەیاندن وبیناسازی و نیشتەجێبوون بە کەرتی تەندرووستیشەوە 11.8% بۆ دابینکراوە، کە عێراق لەڕووی هەریەکە لەم کەرتانەوە نەوەک پێویستی بەڵکوو لە خراپترین دۆخدایە لەسەر ئاستی جیهان، بۆ نموونە بەپێی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی، کەرتی تەندرووستی عێراق لە ڕیزبەندی 167مین وڵاتە لەنێو 190 وڵاتدا.

هەروەها، لە خەرجییەکانی بەکارخستن و دابینکردنی پارە لە پرۆژەیاسای بودجەی 2023ی عێراق بۆ دامەزراوەکانی سەرۆکایەتییەکان لە عێراق بە بەراورد بەو کەرتانەی دیکە بەشێوەیەکە کە وێنا ناکرێت، بۆ نموونە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران 1.2 تریلۆن دینار، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرووی 418 ملیار دینار، سەرۆکایەتی کۆمار 94 ملیار، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق 401 ملیار، دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق 307 ملیار و دەزگای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر 797 ملیار و حەشدی شەعبی 3.7 تریلۆن دینارە.

دیوێکی دیکەی ئەم بودجە مێژوویە پەیوەستە بە خەرجییەکان بۆ کەرتە جیاوازەکان، بۆ نموونە لە بودجەی پرۆژەکان، ئەویش نەک لە داهاتی نیوخۆ بەڵکو لە قەرزی جایکای ژاپۆنی کە بڕەکەی 1.29 ملیار دۆلارە، تەنیا 2.5 ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو دانراوە، بەڵام 905 ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی نەوت دانراوە! هەروەها، لە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی کە بڕەکەی 418 ملیۆن دۆلارە، 26 ملیۆن دۆلار بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو دانراوە، بەڵام لە قەرزێکی 435 ملیۆن دۆلاریی بانکە بیانییەکان، 35 ملیۆن دۆلار بۆ حەشدی شەعبی دانراوە، لەکاتێکدا 3.77 تریلیۆن دیناری بۆ خەرییەکانی حەشدی شەعبی لە بودجەکەدا دانراوە.

لەکاتێکدا، کە بەپێی یۆنامی و بانکی جیهانی عێراق مەترسییەکی گەورەی لەڕووی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە پێشە بەشێوەیەک یۆنامی مەترسییەکانی زیادبوونی خۆڵبارین و بەبیانبوون لە هاوینی ئەمساڵ لەسەرە و بانکی جیهانی هۆشداری لە کەمبوونەوەی ئاو و خراپبوونی کوالیتی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی عێراق داوە، بەشێوەیەک کە زیانی 4% گەشەی بەرهەمی نیوخۆیی GDP یان 6.6 ملیار دۆلار لە عێراق دەدات. هەروەها چاوڕواندەکرێت تاوەکو ساڵی 2050، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما 1 پلەی سیلیزی ڕوویدات، کە ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی باران بارین بەرێژەی 10% و کەمبوونەوەی ئاوی سازگار بەرێژەی 20%، بەمشیوەیەش لێکەوتەکەی ئەم باوردۆخە دەبێتەهۆی ئەوەی یەک لەسەر سێ زەوییە ئاودێرییەکان لە عێراق ئاویان نەبێت.

## پشت بەستن بە داهاتی نەوت و لێکەوتەکانی

لە پرۆژە بودجەکەدا ڕێژەی 87ی داهات لە نەوتەوە دێت بە 400 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستانیشەوە، لەکاتێکدا بەپێی حساباتی کۆتایی 2022، ڕێژەی 95% داهاتی عێراق لە نەوتەوە بووە و ڕێژەی 5%ی لە بەرهەمی نانەوتییەوە بووە.

بەگوێرەی پرۆژەیاساکە، عێراق ڕۆژانە 3.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بە نرخی 70 دۆلار هەناردەی دەرەوە دەکات و هەر دۆلارێک بە 1300 دینار دانراوە، لەکاتێکدا هەر لە ئێستاوە کیشە بۆ ئەمە درووستبووە. لە سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا عێراق ڕۆژانە نزیکەی 3.3 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە و لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا پابەندی خۆی بە کەمکردنەوەی 210 هەزار بەرمیل نەوتی دیکە لە مانگی ئایاری 2023وە ڕاگەیاندووە لەچوارچێوەی بڕیاری ئۆپێک پڵەس بۆ کەمکردنەوەی 1.1 ملیۆن بەرمیل نەوت. ئەگەر بەمشیوەیەش بێت کەواتە هەناردەی نەوتی عێراق کە بەتێکڕا لە کانوونی دووەمی 2023دا کە 3.33 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، لە شوباتی 2023دا کە 3.29 بەرمیل نەوتی ڕۆژانە و لە ئاداری 2023دا 3.25 ملیۆن بەرمیل نەوت بووە لە ئایاری ئەمساڵەوە بۆ نزیکەی 3 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا کەمدەبێتەوە.

هەروەها، ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان دووبارە لە چوارچێوەی سۆمۆ و وەکو ئەوەی لە پرۆژەیاسای بودجەی 2023ی عێراق هاتووە دابنێین، ئەوا هێشتا عێراق نزیکەی 3.4 ملیۆن هەناردە دەکات و 100 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کەمتر دەبێت لەوەی دیاریکراوە، ئەمە لەکاتێکدا نیو مانگی تێپەڕاندووە و هێشتاش هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستیپێنەکردۆتەوە.

عێراق دووەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لەنیو ڕێکخراوی ئۆپێک لە دوای سعودیە، بەڵام جیاوازییەکی گەورە لەنێوان سعودیە و عێراق لە پشت بەستن بە نەوت بۆ دابینکردنی بودجە هەیە، بۆ نموونە لەساڵی 2022دا، ڕێژەی 32% داهاتی سعودیە نانەوتی بووە، کە 410.9 ملیار ڕیاڵی سعودی بووە، واتە 68% داهاتی نەوتی بووە، کە بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە 27.68 ملیار دۆلار سەرڕێژی بودجەیان هەبووە، بەڵام لە هەمان ئەو ساڵەدا لە عێراق 5% نانەوتی ( 5.3 ملیار دۆلار) بووە، واتە 95% داهاتەکەی لە نەوتەوە هاتووە.

سعودیە وەک وڵاتێکی نەوتی لەمانگی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا بودجەی ساڵانەی پەسەند دەکات، کە بۆ ساڵی 2023 کۆی خەرجییەکان بە 1.114 تریلیۆن ڕیاڵی سعودی دانراوە، لەکاتێکدا کۆی داهاتەکان 1.130 تریلیۆن ڕیاڵی سعودیە، واتە 16 ملیار ڕیاڵی سعودی سەرڕێژی بودجەکەیان، بەڵام بودجەی 2023ی عێراق 64 تریلیۆن کورتهێنان لەم دۆخەی نرخی نەوتدا، کە چاوەڕواندەکرێت ساڵانی داهاتوو گۆڕانکاری گەورە لە نرخی نەوتدا ڕوودات.

ئێستا، بەتێکڕا لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا نرخی نەوت 78 دۆلار بووە، چاوەڕواندەکرێت بەتێکڕا لە 2023دا نرخی نەوت 89 دۆلار بێت، ئەمەش بەواتای 19 دۆلار سەرووی ئەو نرخەیە کە لە بودجەی 2023ی عێراق هاتووە، لەکاتێکدا 1 دۆلار جیاوازی نزیکەی 1.3 ملیار دۆلار دەکات.

## کۆتایی

نزیکەی سەرووی 40%ی دانیشتوانی عێراق لە خوار تەمەنی 15 ساڵییەوەن، کە هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ ئەم دانیشتوانە گەنجە لە پرۆژەیاساکەدا بەدیاریکراوی نەهاتووە، لەکاتێکدا بەپێی یونیسیف 60% گەنجەکان لە عێراق توانای کارامەیی دیجیتاڵیان بۆ کارکردن نییە.

هەروەها، جیاوازییەکی دیکە لە داهاتی نەوتی و نانەوتی لە عێراق هەیە، هەرچەندە لە پرۆژەیاساکەدا سەرووی 87% داهات لە نەوتەوە دانراوە و 13%ی نانەوتییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو دەریدەخات کە داهاتی نانەوتی عێراق بە دەگمەن لە 6% نزیکبووەتەوە، تەنانەت لەساڵی 2020یشدا کە ئەو کاتە نرخی نەوتی برینت بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە نزمترین ئاستی تۆمارکردبوو.

هەروەها، گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە بازاڕی وزە و کۆبوونەوەی مانگی حوزەیرانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بەهۆی هاتنەئارای دۆخێکی نوێیەوە لە پەیوەندییەکان، لەوانەیە بڕیاری جیاوازتری لەوەی ئێستا لە بازاڕی وزە هەیە لێ بکەوێتەوە کە عێراق پابەند دەکرێت بەو بڕیارانەوە و، پشتبەستنی بە داهاتی نەوت مەترسی و دەرفەتی گەورەی لەڕووی بڕی هەناردەکراو و نرخی نەوتەوە لە هەگبەدایە.

لەکۆتاییدا، پرۆژەیاسای بودجەی 2023ی عێراق مێژوویە لەڕووی گەورەیی ژمارەکانەوە، بەڵام لەڕووی وەبەرهێنان و دابینکردنی بەگوێرەی کەرتەکان جگە لە کورتهێنانێکی خەیاڵی ئەگەر بەمشێوەیە پەسەندبکرێت، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو نییە. ئەمە لە خەرجییەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان و سەرۆکایەتییەکانەوە بەڕوونی دەردەکەوێت.

[1] * کە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی (چاودێری دارایی)، مووچەی خانەنشینی، مووچەی شەهیدان و دوو مووچەی، زیندانی سیاسی و پسۆڵەی خۆراک..